## ئێمە سەرۆکتانین بۆئەوەی تێتان هەڵدەین !



ژوان نەوزاد حەمەئاغا

**بەڕێز "جەمادی جبالی" سەرۆک وەزیرانی "تونس" لە بەردەم میدیاکاندا رایگەیاند کە نامەوێ سەرۆکی حکومەتێک بم پۆلیسەکانی لە خەڵک بدەن.**

**کاتێک ئەم هەواڵەم خوێندەوە یەکسەر بیرم لە سەرۆکی هەرێم، سەرۆک وەزیرانی هەرێم، سەرۆکی پارلەمانی هەرێم و سەرۆکی پۆلیس، سەرۆکی پێشمەرگە، سەرۆکی شارەوانی، پارێزگا، دکتۆر، موهەندیس و هەمو بەرپرسەکانی هەرێم کردەوە (مەبەستم هەرێمی باشوری کوردستانە) کە هەمویان وا تێدەگەن مادام بەرپرسن دەبێ تێمان هەڵدەن.**

**ئەوانەی کە سەردەمانێک لە شاخ بون و خەباتێکی پیرۆزیان دژیی رژێمی روخاوی بەعس بەڕێوەئەبرد و گەلی کوردیش بە هەمو تواناوە پشتگیریان بون، ئەمڕۆ نە ئەوان ئاوڕ لە رابوردووی خۆیان ئەدەنەوە و نە گەلیش وەک جاران چاویان لێدەکا.**

**نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو سەردەمانەی مرۆڤ نایەوێ بە بیریان بێنێتەوە و باسی کردەوە ناشیرینەکانی پارتەکان ناکەم لە سەردەمی شەڕی خۆکوژیدا، بەڵام گرینگە ئاوڕ لە 2003 بەملاوە بدەینەوە.**

**کاتێک سەدام روخا هیوامان ئەوە بو کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کە بەر هێڵی 36 نەکەوتبون بگەڕینەوە سەر هەرێمی باشوری کوردستان و حکومەتێکی یەکپارچەی کوردی دەسەڵات بگرێتەدەست و ئیتر هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی باشوری کوردستان بدرێ، هەر بەوپێیەش پێگە و هێز و توانای کوردان لە عێرا دا زیاتر و بەرفراوانتر بکرێ.**

**بەداخەوە سەرانی یەکێتی و پارتی بەبێ ئاوڕدانەوە لە ویست و چاوەڕوانیەکانی خەڵک و تەنانەت بەبێ پرس و راگۆڕینەوە لەگەڵ سەرکردایەتیەکانی خۆشیان، خێرا رویان کردە بەغدا و بڕیاری دامەزراندنەوی عێراقی روخاویاندا و ئەوجا کەوتنە هێنانی پارە و بەوجۆرە پارە بۆ بە جێگرەوەی ناوچە داگیرکراوەکان، تائێستاش بوەتە ئەمری واقع و لەوە ناچی ئەم جیلە و چەند جیلێکیتر ئەو ناوچانە ببینەوە و ئەو ناوچانەش کوردستانی بونی خۆیان بە کوردستانەوە نابینن و هەروا بندەست و چاوەڕوان دەمێننەوە.**

**لە ساڵی 2009 بەملاوە نارەزایەتیەکان لەناو کۆمەڵگا و لەلای پێشڕەوانیەوە گەیشتنە ئەوپەڕی خۆیان، بزوتنەوەی گۆڕان و بەتایبەت بەڕێز نەوشیروان مستەفا کاریگەریان لەو رەوتە دا هەبو و لە ئەنجامدا پارتەکانی یەکێتی و پارتی لە سەدا 30 دەنگەکانیان لە دەستدا، ئەگەر هاوپەیمانیان پێکنەهێنایە و ئەگەر لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا نەبوایە، ئەوا بێگومان نەیانئەتوانی دەسەڵات بگرنەوەدەست.**

**دیارە سەرەڕای هەبونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، دەسەڵاتدارانی یەکێتی و پارتی بەردەوام بون لە خواردنی بەشی خەڵک و ئەوەش وایکرد کە نارەزایەتیەکان پەرەبگرن و شەقامەکان هەژان .**

**لە کاتێکدا پارتەکانی ئێمە ناویان دیموکرات و سۆسیال دیموکراتە و کاتێک لەهەر گۆشەیەکی جیهان روداوێک رودەدا، خێرا دێنە دەنگ و رەخنە دەگرن و مافی هەمو گەلانی دنیایان لا پەسەندە کە رێپێوان و نارەزایەتی نیشان بدەن، بەڵام کە دێتەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەوا رێک پێچەوانە بیردەکەنەوە و خێرا دەست بۆ چەک دەبەن و رەخنەگران بێدەنگ ئەکەن و تەنانەت تێرۆریشیان دەکەن، نمونەشمان هەیە کە بریتین لە سۆرانی**

**مامەحەمە لە کەرکوک و سەردەشت عوسمان لە هەولێر.**

**لە جەرەیانی نارەزایەتیەکانی ساڵی 2011 دا هێزە چەکدارەکانی سەر بە یەکێتی و پارتی تەقەیان لە خەڵک کرد و 10کەس بونە قوربانی، ئەوەش رویەکی دیکەی دەسەڵاتی بنەماڵەیە کەوا دەڵێ: هەموتان لە خزمەت ئێمەدا و ئێمەش لە خزمەت بنەماڵەدا.**

**لەماوەی ئەو دو ساڵەدا دەیانجار داواکراوە کە تاوانبارانی روداوەکانی 17 شوبات و دواتر بدرێنە دادگا و لێپێچینەوەیان لەگەڵا بکرێ، کەچی بەداخەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی پارلەمانی کوردستان نە گوێبیستنیان هەیە و نە بەلاشیانەوە گرنگە، کە بۆچی ئەو خەڵکە نارازیە کوژراون و بەپێچەوانەوە داڵدەی تاوانباران ئەدەن و رادەستی دادگایان ناکەن.**

**هەر چۆنێ لێکی دەینەوە ئەم سەرۆک و بەرپرسانەی ئێمە وا بیردەکەنەوە، کە ئەوان دەسەڵاتیان هەیە و خاوەن مافن لەم خەڵکە بدەن و بێحورمەتیان پێ بکەن و مافەکانیان پێشێل بکەن و بەشە پارەکەیان هەڵلوشن و گەندەڵی پێش بخەن و ئەوەش لەبەرئەوەیە کە خەڵک ئەوەی ئەوێ و خەڵک دەنگی پێداون و ئەوان نوێنەری ئەم خەڵکەن. لەراستیدا ئەوان دەڵین ئێمە بۆیە بوینەتە سەرۆکی ئێوە بۆ ئەوەی تێتان هەڵدەین.**

---